بەهەشت نزیکترە لە یەکێک لە ئێوە زیاتر لە بەستەی نەعلەکانی ودۆزەخیش بە هەمان شێوە

لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بەهەشت نزیکترە لە یەکێک لە ئێوە زیاتر لە بەستەی نەعلەکانی ودۆزەخیش بە هەمان شێوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە بەهەشت ودۆزەخ نزیکن لە مرۆڤەوە وەکو نزیکی بەستەی (قەیتانی) پێڵاوەکانی (نەعلەکانی)، مرۆڤ لەوەیە پەرستنێک ئەنجام بدات و ببێتە هۆی ڕازی بوونی خوای گەورە و بەهۆیەوە دەچێتە بەهەشتەوە، ولەوەیە مرۆڤ تاوانێک بکات و ببێتە هۆی تورەیی خوای گەورە وبەهۆیەوە دەچێـتە دۆزەخەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3581